www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9:47 8-10-2006

# ئیسلامی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا .. . بەشی دووەم ...جۆن ئەسپۆزیتۆ .. مامۆستای ئایین و پەیوەندیی نێودەوڵەتی زانکۆ (جۆرج تاون) . --- و: عەبدولقادر عەلی

لە کوێی نەوەدەکاندا هەڵوێستەیەك بکەین؟

رووداوەکانی جەزائیر قسەو باسی زۆری هێنایە ئاراوە، پێش سەرکەوتنی بەرەی ئیسلامی رزگارکردنی جەزائیر لە یەکەم هەڵبژاردنی فرە بەشداریی پارتەکاندا (ئێدوار جۆرجیان) ـ کە دواتر بوویە یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ـ بەیاننامەیەکی سەبارەت بە ئیسلام بڵاو کردەوە، کە دواتر بە بەیاننامەی (جۆرجیان) ناسرا، ئەوەی تێدا گوت، کە ئەمریکا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئیسلامدا نییە و ئەمریکا هیچ گرفتێکی لەگەڵ بزاڤە میللییە ئیسلامییەکاندا نییە، حاڵی ئەم بزاڤە میللییانە وەك حاڵی باقی بزاڤە میللییەکانی دنیایە لە هەرکوێیەك کە هەن و، پێویستە بەشداری پرۆسەی دەسەڵات و سیاسەت بن، بەڵام گرفتی ئەمریکا لەگەڵ ئەو جۆرە رەوتانەدایە کە دەیانەوێت بە دەمامکی ئاین بگەنە دەسەڵات و لەوێوە لەسەر خۆیانی پاوان بکەن، کودەتا بەسەر دیموکراتیەتدا بکە.. بە دەستەواژەیەکی تر جۆرجیان دەڵێت (ئێمە گرفتمان لەگەڵ ئەو رەوتانەدایە کە پێیان وایە یەك پیاو – یەك دەنگ، بۆیەك جار بێت) لە راستیدا ئەم قسەیەی جۆرجیان لە رووی تیۆرییەوە رێی تێ دەچێت، بەڵام ئەی چۆن تەرجەمەی واقیعی کاریان کرد؟! ئایا لە قەیرانی جەزائیدا زۆرینەی وڵاتانی رۆژئاوا چییان بە چی کرد؟ هەڵوێستی خۆیان (تجمید) کرد، هەر لە سەرەتادا وڵاتە یەکگرتووەکانی هەڵوێستی خۆی (تجمید) کرد و خۆیان لە قۆزاخە پێچا، ئەم بێدەنگییەش لە کاتێکدا بوو کە ئەمریکا ئەوپەڕی نارەزایی خۆی بەرامبەر بە دەساڵاتدارانی پیرۆ راگەیاند، چونکە حاڵەتی نائاساییان لە وڵاتدا راگەیاند، بەڵام بەرامبەر بە هەڵوەشاندنەوەی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنە جەماوەرییەکەی جەزائیر جوڵەیان لە خۆیان بڕی و کش و مات وەستان، هەروەك (دیك میرفی) لە گۆڤاری (کۆنگرێس) دا دەڵێ: ئێمە نەماندەزانی چی بکەین و چی بڵێین! نەماندەزانی هەڵوێستمان سەبارەت بە رووداوەکانی جەزائیر چۆن بێت.

ساڵانێکە لە کۆنگرەکان و لەبەردەم بەرپرسەکان وەزارەتی دەرەوەدا قسە دەکەم باسێك کە قەت خۆمان لێ نەداوە، ئەوەیە کە ئێمە چۆن مامەڵە لەگەڵ حکومەتی ئیسلامیدا بکەین؟ چونکە هەرگیز کەس ئەوەی بەخەیاڵدا نەهاتووە لە وڵاتێك لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا ئیسلامییەکان جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست، بۆ یەکەم جار کە شتێکم لەو بارەیەوە بینیبێت، ئەو کاتە بوو لە جەنگی دووەمی کەنداودا لە سیمینارێکی (پێنتاگۆن) دا بەشداریم کرد، کە تیایدا یەکێك لە سەربازەکان ئەو پرسیارەی هێنایە پێش: ئایا هەڵوێستمان چی بێت ئەگەر لە ئایندەدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست حکومەتێکی ئیسلامی هاتە پێش؟ ئایا مامەڵەمان لەگەڵیدا چۆن دەبێت؟ بۆیە ئێمە بە مانا دووری دوور بووین لە رووداوەکانی جەزائیر، لە پێش هەڵبژاردنەکانی جەزائیر زۆرینەی زۆری رۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەمریکای وەك (کریستیان ساینس مۆنیتۆر و نیویۆرك تایمز) دەیانگوت ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکانی جەزائیردا هیچ بەدەست ناهێنن! خۆ ئەگەر چەند دەنگێکیش بەدەست بهێنن، ئەوا هەرگیز ناتوانن زۆرینەی زۆری دەنگەکان بۆ خۆیان راکێشن، ئەمەش هەمان رای رۆژنامە ئەمریکییەکان بوو سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی تونس، رۆژنامە ئەمریکییەکان بە هەمان کێش و پێوانەی هەڵبژاردنەکانی جەزائیر مامەڵەیان لەگەڵ دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی تونسدا دەکرد، ئەمەش لەلای ئەوان لەو پێودانگەوە سەرچاوەی گرتبوو کە هەردووکیان رزگاربووی دەستی یەك داگیرکەر بوون کە فەرەنسایە و، هەردوویان لەژێر سایەی دوو حیزبی چونیەك حوکم دەکرێن و هەردووکیان نوخبەیەکی عەلمانی حوکمیان دەکات، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رۆژنامە رەسمییەکانی ئەمریکا، ئەوا دەبینین تەنها

بایەخیان بە قسە و لێدوانەکانی کەسانی رەسمی حکومەت دەدا و تەنهاو تەنها راوبۆچوونی حکومەتیان دەخستە پێش چاو، رۆژنامە هەر بەوەندەش لە لێپرسراوانی حکومەت رازی نەدەبوو کە بەس لێدوان بدەن، بەڵکو داوای لێ دەکردن کە راو بۆچوون و هەڵوێست و هەڵسەنگاندنی حکومیی خۆیان لەسەر بیروبۆچوون و رای ئیسلامییەکان بدەن، بێگومان هەموو ئەم وتووێژانە لەگەڵ نوخبەی عەلمانی ساز دەدرا و ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان رای خۆیان دەخستە پێش و ئیسلامییەکانیان پەراوێز دەخست، کەچی لەگەڵ سەرکەوتنی بێ وێنە و بەرچاوی ئیسلامییەکان لە جەزائیردا، وەڵامی حکومەت بریتی بوو لە گرتن و لەزیندان ئاخنینی سەرکردە ئیسلامییەکان بە بەرچاوی دنیاوە و هەڵوەشاندنەوەی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان کە رای جەماوەر بوون! دەکەوتە بڕینی یارمەتیی ئەنجومەنە ناوخۆییەکان تا ئیسلامییەکان لەو ئەنجومەنانەدا پەکیان بکەوێت و عەیبدار بن! پێش هەڵبژاردنی پەرلەمان قسەو باس لەوە دەکرا و مژدەی ئەوە بە خەڵکی دەدرا کە ئیسلامییەکان سەرناکەون و شکست دەهێنن و، دەیانگوت کە خەڵکی جەزائیر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنە ناوخۆییەکانەوە دەرسیان وەرگرتووە، ئەو کەسانەی لەو هەڵبژاردنانەدا بەشدارییان نەکردووە ئەم جارە لە دژی بەرژەوەندیی ئیسلامییەکان بەشداری دەکەن و دەنگ دەدەن، هەروەها وتیان کە ئافرەتانیش دەرسیان وەرگرتووە، دوای دەستگیرکردنی سەرکردەکانیان ئیسلامییەکان دوچاری سستی و لاوازی بوون، بەڵام ئەوەی ئەمان چاوەڕوانیان نەدەکرد، ئەوە بوو کە ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا متمانەی زۆرینەی زۆری جەماوەریان بەدەست هێنا، مەترسیی گەورە لە دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن لەوەدا بوو کە ئیسلامییەکان وا نەهاتنە پێشەوە کە وەك ئوردن و میسر ببنە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز و گوشار، بەڵکو لە میانەی پرسەیەکی دیموکراسیدا جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئیتر نوخبەی عەلمانی کەوتنە مشتومڕی گەڕان بە دوای چەند پرسیارێکی وەکو: ئایا ئیسلامییەکان بۆ ئەوە هاتوون کە گورز لە کەمەری پەیکەری دیموکراسی تازە لەدایکبوو بووەشێنن؟ ئایا ئیسلامییەکان سندوقەکانی دەنگدانیان بۆ ئەوە ئیستیغلال کردووە کە پێوەی کودەتا بەسەر ئەو دیموکراسییەدا بکەن کە پێی هاتنە سەر حوکم... ؟

ئەم پرسیارانە پرسیاری جددی و مەشروع بوون، بەڵام وەڵامدانەوەیان گران بوو، هەڵە بوو ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانە بە بەراوردکردن لەگەڵ بزاڤە ئیسلامییەکانی باقیی وڵاتانی تر وەڵام بدرایەتەوە، هەڵە بوو کە گریمانەکان لەسەر نموونەی (ئێران) بنیاد بنرێت و بڵێت فەرموون سەیری ئیسلامییەکانی ئێران بکەن، ئەوا ئیسلامییەکانی جەزائیریش هەمان رۆڵ دووبارە دەکەنەوە. لە راستیدا یاریکردن و کوشتنی دیموکراسیەت رەفتاری هەموو حکومەتەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتە، ئەم وڵاتانەی رۆژهەڵات باوەڕی خۆیان بە دیموکراسیەتێکی (بێ مەترسی) بۆ خەڵکی بەیان دەکەن ( Risk – Ferr Democracy) باوەڕیان بە دیموکراسیەتێکی خاڵی و بەتاڵە لە ئۆپۆزسیۆنێکی (راستەقینە) زۆرینەی هەرەزۆریان باوەڕیان بە هەڵبژاردنێکی ئازادانەی وا نییە کە بزانن تیایدا (زەرەرمەند دەبن) . لێرەدا پەرەگرافێك لە دایەلۆگێکی نێوان دوو کەس دەخەینە پێش چاو، کە لەنێوان کەسێکی نوێنەری رێکخراوی مافی مرۆڤ و نوێنەرێکی باڵای حکومەتێکی باکوری ئەفریقی روویداوە، نوێنەری مافی مرۆڤ پرسیار دەکات و دەکرێت.

- ئایا سەرۆکتان باوەڕی بە هەڵبژاردن هەیە؟

+ سەرۆکم پابەندە بە جێبەجێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

- واتە ئێوە هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن؟

+ ئێمە رامانگەیاندووە کە هەڵبژاردن ئەنجام دەدەین.

- ئایا لە هەڵبژاردنەکەدا پارتی جۆراوجۆر بەشداری دەکەن، واتە فرە رەنگە؟

+ سەرۆکم ڕەزامەندیی لەسەر ئەوە داوە.

- کەواتە دەکرێت ئیسلامییەکان دەنگی باش بەدەست بهێنن و دەکرێت زۆرینەش بن؟

+ بە هیچ جۆرێك هیچ گرفتێك لەئارادا نییە.

- کەواتە ئیسلامییەکان دەچنە سەر کورسیی دەسەلات و جلەوی فەرمانڕەواییتان لێ وەردەگرن؟

+ (بەرپرسە حکومییەکە بەوپەڕی بێزارییەوە) چۆن دەهێلین شتی وا ببێت؟ ئێمە هەرگیز ناهێڵین شتی وا ڕوووبدات.

لەم پەرەگرافەدا بەرپرسە حکومییەکە زۆر ڕاستگۆیانە دەئاخڤێت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حکومەت بڕوای بە دیموکراتیەتێکە کە بە هیچ جۆرێك مەترسیی نەبێت بۆ خۆی و ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەی تێدا نەبێت و، قسەکانی بەرەو ئەو قەناعەتە ڕامان دەکێشێت کە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە مەیلی سروشتیی خۆیان وایە کە دەسەلات تەنها پاوانی خۆیانە، هەر ئەوەندەی حکومەت جلەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، جا ئیتر حکومەت ڕاستڕەو بێت یان چەپڕەو، یان تەنانەت دیموکراسیش بێت، ئەوا یەکەمین کاری لەزیندان ئاخنینی نەیارانیەتی، تەنانەت ئەگەر دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنیشی بەدوادا بێت، ئەمەش بە مەبەستی دامالینی چەکی ئۆپۆزسیۆنە تا نەتوانن بە هەڵبژاردن سەرکردەی وڵات بکوژن، ئەمە بارودۆخی ئەو تەرزە لە ڕۆشنبیری باوەی ناوچەکەیە. ئەم ڕۆشنبیرییە چۆن دەگۆڕدرێت؟ ئایا چ سەرکردەیەك، یان چ ڕابەرێکی سیاسی توانای گۆڕانی دەوڵەتی هەیە لەو بارودۆخەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی؟ سەرکردەیەك کە لەبیری ئایندەدا بێت نەك تەنها هەر چاوی لە ئێستا بێت، پێویستە بە وردی جیاوازی بخەینە نێوان هەریەکە لە بزاڤە ئیسلامییە جیاوازەکان لە میانەڕەو لە توندڕەو جیابکەینەوە، نابێت ئەو قسەیە بڵێینەوە کە هەندێك بێئاگایانە دەڵێن (ئیسلامییەکان میانەڕەویان نییە) ! چونکە لەگەڵ هەڵەبوونی، ئەم دەستەواژەیە هانی زیاتری توندڕەوبوون دەدات، لەم بارەیەوە دەشێت نمونەی جەزائیر بەرچاوترین نمونە بێت، هەروەك ئەوەی کە لە میسر ڕوو دەدات، بە هەمان جۆر بەرەنجامی هەڵەی ئەو حوکمەمان دەداتی کە جیاوازی ناکات لەنێوان میانەڕەو و توندڕەودا، گرفتی زۆری دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و چاودێران ئەوەیە کە جیاوازی ناخەنە نێوان هەردوو ڕەوتی میانەڕەو و توندڕەوی بزاڤی ئیسلامی، ئەم جیاوازی نەکردنەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە حکومەتەکان بکەونە بەکارهێنانی هێزی ئاسایش و دژ بە هەردوو ڕەوتی میانەڕەو و توندڕەو، ئاشکراشە کاری توندوتیژیش پەرچەکرداری توندی لێ دەکەوێتەوە، مەترسیی گەورە ئەوەیە کە هەردووکیان بخەنە یەك خانەی تێڕوانین و مامەڵەکردنەوە بۆ ئەوەی بڵێی هەروەك برادەرەکەشی دەیوت: ئیسلامی میانەڕەو و توندڕەوی نییە، پێویستە لە هەموویان بدرێت! ئەمەش ڕوبەڕووی ئەو مەترسییەمان دەکاتەوە کە ئێمە تەنها ڕوبەڕووی توندڕەوەکان نابینەوە، بەڵکو هانی میانەڕەویش دەدات بۆ توندڕەوی، نمونەش جەزائیر و ئەوەی کە دەشێت لە میسردا ڕوودەدات.